ئاین لەنێوان گێژاوی توندڕەوی و لیبڕالیزم

وەهاب شاه محمد

هەر لە سەرەتای بەرپابوونی هەموو ئاینێک، چی ئاسمانییەکان بن یان ئەوانەی دروستکراووی مرۆڤەکان خۆی، هەمیشە کەسانێک بوون هەوڵی بەکارهێنانی ئاینیان بۆ بەرژەوەندی کەسایەتی و کۆمەلایەتییەکانی خۆیان بەکار هێناوە. مێژووی مرۆڤایەتی پرە لە کارەساتی دڵتەزێن کە کەسانێک یان لایەنانەکان ئاینیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکان، کە لە راستیدا زۆر دوور و دژ بە هەموو فەلسەفە ئاینیەکان بووە.

هیچ کام لە ئاینە ئاسمانیەکان رێگا بە بەکارهێنانی توندڕەووی نادات بە رامبەر کەسانێک، یان لایەنانێک کە بیروبۆچوونیان، یان باوەری ئاینیان لەگەڵ ئەو ئاینانە ناگونجێ، ئەمەش زۆر بە ئاشکراو روونی بەرچاودەکەوێ لە بیاچوونەوەێک بەو ئاینە ئاسمانیانە. ئاینی ئیسلام کە بە دووا ئاینی ئاسمانی و تەواوکەری هەموو ئاینەکان ئاسراوە، زۆر بە روونی رێز لە بیروباوەری ئاینەکانی تر دەگرێ و باس لەوە دەکات کە خەڵکەکان ئازادن لە هەڵبژاردنی ئەو باوەرە ئاینەی هەیانە.

ئاینی ئیسلام داوا لە هەموو موسڵمانان دەکات کە پێش باوەرهێنان بە ئاینی ئیسلام پێویستەو دەبی باوەریان بە ئاینە ئاسمانیەکانی تر هەبێت، وەک ئاینی کرستیانی (مەسیحی) یان ئاینی جووی(جوولەکە) ، لەبەرئەوەشە دەبینی زۆر باس لەو ئاین و پیغەمبەرە کۆنانە دەکات و رێزێکی تایبەتی بۆ دادەنێت لای موسڵمانان. ئاینی ئیسلام بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی ئەمرۆ خۆیان بە نوێنەری ئیسلام و باوەرەکەی ناو دەبەن، کە هەموو کارێکی ناڕەوا بەناوی ئەو ئاینەوە ئەنجام دەدەن، داوای پارمەتی و هاوکاری کردنی هەموو ئەو کەسانەی تری غەیرە موسڵمان دەکات لە کاتی تەنگانە. ئیسلام وەک ئاینێکی ئاسمانی زۆر بە توندی دژ بە هەموو کوشتارێکی ناهەقی و ناڕەوا بەرامبەر کەسانی تر دەوەستێ و دژایەتی دەکات، وە کاری لەو جۆرەش بە گەورەترین گوناه بەرامبەر ئیسلام و باوەرەکەی ناو دەبات.

ئەمرۆ، زۆر بەداخەوە کەسانێک یان لایەنانێک هەن کە خۆیان کردووە بە نوێنەری ئیسلام و باوەرەکەی و، زۆر جاریش رۆڵی خواش دەبینن لە سەر زەوی ئەویش بە کوشتن و سزادانی خەڵکانێک کە بیروبۆچوونیان لەگەڵ ئەو لایەنانە ناگونجێ. کوشتنی خەڵک و سزادانیان تەنها کاری خوا خۆیەتی، کەسی تریش مافی ئەوەی نیە ئەو رۆڵە ببینێ و خۆی بکات بەخاوەنی ئەو کارە.

ئاینی ئیسلام هەروەک ئاینە ئاسمانیەکانی تر هەمیشە پاڵ بە کەسەکانەوە دەنێ بۆ نزیک بوونەوە لەیەکتر و تێگەیشتن لەیەکتر نەک ئەوەی کە ئەولایەنە توندرەوانە باسی لێوەدەکەن.

ئەگەر ئاینی ئیسلام و ئاینە ئاسمانیەکانی تر لە کاتی هاتنەخوارەویان بەو جۆرە بووایە کە ئەو گرووپە تیرورست و توندرەوانە باسی لێوەدەکەن، ئەوا هیچ کەس نابوو بە موسڵمان یان کرستیان، هەموو خەڵکیش دژ بەو ئتینانە دەوەستان.

ئاین وەک فەلسەفەیێکی رێکخستنی کۆمەڵ کاری پۆزەتیڤانەی زۆری بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، هەمیشەش رێپیشاندەر بووە بۆ ئەو کەسانەی کە ناهەقی و زوڵمیان بەرامبەر کەسانی تر بەکارهێناوە، زۆر بە توندیش ریسوایانی کردووە.

ئەمرۆ زۆر کاری ناڕەواو ناهەق بەرامبەر کەسان و کۆمەڵانی خەڵک بە ناوی ئیسلام و باوەرەکەی ئەنجام دەدرێ، ئەم کارانەش بووەتە هۆی مەترسی پەیداکردن بەرامبەر هەموو موسڵمانان، چی ئەوانەی پەیرەوی ئیسلام دەکەن، یان ئەوانەی وەک ناسنامەی ئیسلامیان هەیە. بوون بە ئیسلام لە زۆر وڵاتانی جیهانی غەیرە ئیسلام بە چاوێکی گومان و بێ باوەریەوە چاوی لێدەکرێ، هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو لایەن و کەسانەی باوەرە ئیسلامیەکەیان بە گوێرەی بەرژەوەندیە سیاسی و کەسایەتیەکانیان وەردەگێڕن، کە لە راستی دا زۆر دوورە لەو شتانەی ئەوان باسی لێوە دەکەن.

پێویستە زانایای ئیسلامی ئاسیاسی چالاکانە باس لە راستیەکانی فەلسەفەی ئیسلام بکەن، لە هەمان کات زۆر بە توندی دژ بە هەموو ئەو کەسانە راوەستن کە کاری ناڕەواو توندرەوی بە ناوی ئیسلام و باوەرەکەی ئەنجام دەدەن.

پێویستە ئەو زانایانە لەگەڵ شارەزایانی تایبەت لە بوارە کۆمەلایەتی وسیاسیەکان لە رێگای سیمناری بەردەوام و میدیاکانەوە خەڵکی لە رووداوە رۆژانەکان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ئاگادارکەنەوە، نەک تەنها کاروو چالاکییەکانیان بەسترابێتەوە بە کارە تیرۆرستیەکانی روونەدەن.

پێویستە شێوازی تایبەتی خوێندنی ئاین بەکاربهێنرێ، کە گونجاو بێ لەگەڵ دنیای ئەمرۆ، خوێندنێک بێ کە هەوڵ بۆ نزیک کردنەوەوی ئاین و کلتورەکان بدات، نەک دوورخستنەوەیان لەیەک. پێویستە شێوازی خوێندنی ئاین بێ بە تێگەیشتن و رێزگرتن لە ئاین و باوەرەکانی تر، نەک درووست کردنی رق و قینە لە دڵی کەسانی موسڵمان. پێویستە خوێندنی ئاین تەنها لەسەر ئاینی ئیسلام نەبێت، بەڵکو ئاینە ئاسمانی و غەیرە ئاسمانییەکانیش بگرێتەوە. بۆ ئەوەی ببی بە بابەتێکی زانستی فراوان لای خەڵکی موسڵمان.

ئاشارەزای و شێوازی فێرکردنی توندرەو بەرامبەر ئاینەکانی تر تەنها خەڵکانێک دێنێتە بەرهەم کە بیرێکی تەسکی ئاینیان هەبی بەرامبەر هەموو ئەوانەی بیروبۆچوونیان لەگەڵ ئەوان ئەگونجێ. ئەبوونی شارەزای بەرامبەر ئاین و باوەرەکانی تر ترس و گومان لای خوێندکاری موسڵمان پەیدادەکات.

پێویستە میدیاکان، چی رۆژنامە بی یان ئەلکترۆنیەکان، بابەتی تایبەت لەسەر ئاینە ئاسمانی و غەیرە ئاسمانییەکان پێشکەش بە بینەروو خوێنەر بکەن، چوونکە لەو رێگایانەوە دەکرێ کارتێکردنێکی بە سوود وەدەست کەوێ لای خەڵکی موسڵمانان.

Shah.waha@gmail.com

> کوشتنی خەڵک و سزادانیان تەنها کاری خوا خۆیەتی، کەسی تریش مافی ئەوەی نیە ئەو رۆڵە ببینێ و خۆی بکات بەخاوەنی ئەو کارە

کورد دەبێت سەماو سیاسەت لەیەک جیا بکاتەوە!

نزار جاف

تەنگەژەی ئەم دوایەی نێوان هاوپەیمانییەتی کوردو، سەرۆک وەزیرانی ئێراق ئیبراهیم جەعفەری، پتر لەناراستەیەکو، زێتر لەواتایەکی گرتە خۆی، بەڵام هەر وەک چۆن هەموو رێگەکان ناراستەکەیان بەرەو رۆمایە"، ئەوا بەهەمان شێوە ناوەڕۆکو هەموو ئەوشتانەی کەلەو تەنگەژەیە دەکەوێتەوە راستەوخۆ پەیوەستە بەبابەتی شەڕی دەسەڵات. هەڵبەتە خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کەسایەتییە عارەبانەی کەدەسەڵاتیان لەدوای دارمانی سەدام گرتە دەست، ئەو راستییە روون دەکاتەوە کەواشنتۆن ناخوازێت لەم بارودۆخەی ئێستای ئێراقدا، هیچ رووخسارێکی عارەبی توانای ئەوەی هەبێت بنچینەیەکی هێز لەهەرەمی دەسەڵاتی ئێراقیدا وەدەست بهێنێت. ئەم بزاڤە سیاسییە کەهەندێک جار شێوازی مانۆڕێکی تەکتیکی دەگرێتە خۆی، کۆشکی سپی بەپارمەتییەکی سەرەکی هاوپەیمانییەتی کوردستان جێبەجێیدەکات. چاوخشاندنەوەیەک بەقۆناغی دەسەڵاتی "ئەیاد عەلاوی" و جۆری پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییەتی کوردستان، و بەراوردکردنی لەگەڵ قۆناغی ئێستای جەعفەری، ئەوە دەخاتەڕوو کەهاوپەیمانییەتی کوردستان وەک باڵێکی سیاسی ئەکتیڤو کاریگەر لەگۆڕەپانی سیاسی ئێراقیدا، کەمەکە بەرەوشێک ئەنجام دەدات کەتەنها لەقازانجی ئەمەریکا بەپلەی یەکەمو، کورد بەپلەی دووەم بشکێتەوە، لەراستیدا بوونی سەنتەرێکی سەقامگیری دەسەڵات لەبەغدا کەبتوانێت ببێتە تەوەرێک بۆ کۆکردنەوەی باڵە سیاسییە عارەبییەکان، هەرگیز بەسوودی واشنتۆنو هاوپەیمانییەتی کوردستان کۆتایی نایەت. لێرەشەوە، هەر دوابەدوای ئەو جوڵە سیاسییە سەربەخۆیانەی کەجەعفەری لەسەر ئاستی ئێراقو، وڵاتانی ناوچەکە نواندی‌و، ویستی لەمیانەیانەوە نامەیەکی پڕ واتا ئاراستەی وڵاتانی عارەبی، ئێرانو تورکیا بکات، ئەو نامەیەی کەکۆشکی سپی بەر لەو وڵاتانە لەواتاو مەبەستی راستەقینەی تێگەیشت. جەعفەری هەر وەک عەلاوی، دەخوازێت پەیوەندی لەگەڵ کورددا، بکاتە بابەتێکی تەکتیکی بۆ خزمەتکردنی مەبەستێکی ئیستراتیجی کەئەویش بنیاتنانی پێگەیەکە دەسەڵاتی بەهێزە لەبەغدا کەبتوانێت لەدوارۆژداو بەهۆی فشاری هێزەوە بۆچوونی خۆی بەسەر باڵە سیاسییەکانی دیکە کە"کورد یەکەمیانە"، بسەپێنێت. بەڵێ راستە مام جەلال وەک سیاسەتمەدارێکی خاوەن ئەزموونو، ئەکتیڤ، هەرگیز یەکێکی وەک جەعفەری ناتوانێت کۆنترۆڵو ئاراستەی بکاتو، هەروەها ئەو چوارچێوە "فەخری"یەی دەسەڵاتی سەرکۆمار تالەبانی بەهۆی لێهاتوویی‌و ئەزموونی سیاسی دێرینەوە توانی لەو قەوارەیەی دەربکاتو جەعفەری بخاتە سوچێکەوە کەدەبوو سەرکۆماری تێدا حەشار بدرێت. هەرچەندە نابێت لێرەدا پشتگیری کۆشکی سپی بۆ مام جەلال لەململانێکردنیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێراقدا لەیاد بکەین، چونکە ئەمەریکا لەهەموو حاڵەتەکاندا، تەنها دەتوانێت لەگەڵ کورددا ئامانجو مەبەستەکانی خۆی بەدەست بهێنێتو، هەرگیز ناتوانێت هیچ جۆرە متمانەیەک بەباڵە سیاسییەکانی شیعە بکات بەتایبەتی کاتێک جوڵە سیاسییە گومانلێکراوەکانی تاران لەگەڵ خیاڵە سیاسیانەدا بەرروونی دەبینرێتو، پێویستی بەتێرامانو شرۆڤەکردنیش نییە! بەڵام لەهەمان کاتیشدا، نابێت کورد "لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەتی کوردستاندا"، تەنها لەسەر نۆتەی موزیکە براگماتییەکەی ئەمەریکا سەما بکاتو، وابزانێت کەهەماهەنگی لەنێوان ئەو دوو رەهەندەدا بەلگەیەکی کۆتاییە بۆ مسۆگەرکردنی ئایندەی پرۆژەی سیاسی کورد. تیۆدۆر هێرتزل، لەگەڵ ئەوەی کەتوانی گەورەترین هێزی سیاسی لەجیهاندا بەر لەجەنگی یەکەم قایل بکات بەدەرکردنی "بەڵێنی بلفۆر"، بۆ دروستکردنی نیشتمانێک بۆ جوولەکانی جیهان. کەچی لەهەمان کاتیشدا لەسەر زەوی رێگەی بۆ پیادەکردنی ئەو "بەڵێنە" خۆش دەکرد.

بۆیە نابێت باڵە سیاسییە کوردستانییەکان وابزانن کەکورد تەنها دەم داچەقاندنی لەسەرەو ، ئەمەریکا بۆ خۆی پارووەکە دەکاتە ناو دەمی کوردەوە! گۆڕینی جەعفەری دەبێت لەگەڵ ئەنجامیدا، کورد خاڵێکی پراکتیکی بەدەست هێنابێتو ئەم خاڵەش لەدژ رووخساری دوای جەعفەری بەکاری بهێنێت، چونکە سیاسەت لەخۆیدا بریتییە لەگۆڕانێکی بەردەوامی هێڵو ئاراستەکان لەدەوری چەقی مەبەستی سەرەکیدا، دەبێت کوردیش لەسایەی جوڵەو، گۆڕانی ئەو هێڵو ئاراستانە کەلێنێکی باش‌و گونجاو بۆخۆی بدۆزێتەوەو، بچێتە ناو جەرگەی یارییەکەوە وەک یاریزانێکی سەرەکی وەک (ئیسرائیل) نەک یەدەک وەک (تورکیا)و، ئەم کارەش تەنها بەتێکەڵاوکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئەمەریکادا ئەنجام دەدرێت، پرسیارەکەش ئەوەیە: سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەو مەبەستە دەبێت هیچی کردبێت..!؟

nezarjaff@gamil.com

کێ دەڵێ سەربەخۆیی بڤەیە..!

شێخ بەکر شوکرەڵڵا

سەربەخۆبوونی (کوردستان)، مانای رزگاربوونی (کورد) لەچەوساندنەوەو تەفرو توناکردنی لەلایەن داگیرکەرانەوە.

داگیرکەرانی (کوردستان) نەک هەر بەوە دانامەکێن کەبەرووبوومی ئاو خاکەکەمان تالان ئەکەنو هیچ لەو بەروبوومە بە(کورد) رەوانابینن کەخۆی خاوەنیەتی، بەڵکو ژیانمان پێ رەوا نابینن، ئەگەر پێشمان رەوا بینی، ئەوا تەنها وەک کۆیلەو بەندەی گوێ رایەڵ پێمان رەوا ئەبینی.

سەرۆک کۆماری ئێستای ئێراق کەکەسایەتییەکەی بەتواناو لێهاتووی (کورد)ەو بەو لێهاتوویییەی خۆی توانی هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ درێژەدان بەشۆڕش (کورد) لەخوارووی (کوردستان)و سەرکەوتن‌و بەرەسەندنی شۆڕشەکەمان‌و دەرباز بوونمان لەو هەموو پیلانانەی داگیرکەران، ئەو سەرۆک کۆمارەی کەخۆی ئەرخانکردووە بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ئەو ئێراقەی کەلەبنەڕەتدا دەبوایە نەبوایە، لەم ماوەیەی پێشووداو لەلێدوانێکیدا بۆ کادرانی (ی.ن.ک) هەوڵی ئەوەی دا زیرەمان پێ بکاتو سەربەخۆیی (کوردستان) بەکارەساتێک لەخامەدا بدات کەتەنها بیرکردنەوە لەو سەربەخۆییە خۆی لەخۆیدا کارەساتە.

لەبڕگەکانی لێدوانەکەیدا ئەوەیدا بەگوێماندا کەکەسانێک هەن لەناو خوارووی (کوردستان) داوای سەربەخۆیی ئەکەنو یەک تنۆک ئارەقیشیان بۆ شۆڕش ئەرشتووەو شەهیدیشیان نییە.

نامەوێ زۆر لەسەر ئەم برگەیە بدوێم، بەڵام یەک پرسیار لەسەرۆک کۆمار ئەکەم.

ئایا هەتا ئێستا سەرکردایەتی شۆڕش (کورد) خائینێکی بەسزای رەوای خۆی گەیاندووە، ئایا ئەوانەی شەهیدیان نییە یان ئارەقیان ئەرشتووە مافی رادەربڕینی خۆیان نییە ئەگەر هەموو کاتێکیش پرۆژەی شەهید بوون بووبن؟

ئەڵێم، جگە لەخائینیان، جگە لەوانەی خوێنی چەندەها رۆڵەی ئەتەوەکەمانیان تاڵان فرۆشکرد، جگە لەوانە هەموو تاکێکی (کورد) بۆی هەیە رای خۆی بەئازادی دەربڕی‌و هەوڵیش بۆ چەسپاندنی رای خۆی بدات. ئەو هۆکارانەش دیارن‌و پێویست ناکات زۆر درێژەی بدەمێ چونکە لەپێشەوە وتم نامەوێ زۆر لەسەر ئەم برگەیە بڕوم.

هەر لەهەمان لێدواندا سەرۆک کۆماری ئێراق باس لەوە دەکا کە ئەگەر خۆمان لەئێراق جیابکەینەوەو سەربەخۆیی خوارووی (کوردستان) رابگەیەنین ئەوە ئیتر ئەو خەڵکە مووچەی نابێت‌و دەرگاکانی دراوسێکانمان لەسەر دائەخرێت‌و بەتەواوی داماو ئەبین.

(کورد) لەخوارووی (کوردستان)دا بەکردەوە سەلاندویەتی کەئامادەی هەموو لەخۆ بوردنێکە، ئامادەیە سەد ئەوەندەی جاران رووبەرووی هەموو مەترسییەکان ببێتەوە کەکاتی خۆی لەلایەن داگیرکەرانی (کوردستان)ەوە بەسەری هاتووە.

بەڵام لەلایەکی تریشەوە نابێ ئەوەیان لەیاد بچێت کەکێشەی (کورد) لەوە دەرچووە کەئەو مەترسیانە رێگەی سەربەخۆبوونی لێبگرێ. ئێستا هەموو گەلان‌و کاربەدەستانی بەرەی رووناکی جیهان لەوە حەپەساون کەخەڵکی خوارووی (کوردستان)و سەرکردەکانی بڕوای خۆیان داوەتە بەلایەنە ئێراقییەکان، ئەولایەنانەی کەیەک لەدوای یەک راستەوخۆو لابەلا دەسەڵاتی ئێراقیان دەگرتە دەست‌و هەموو کاتێک (کورد)یان وەک دیل و بەندە سەیر کردووە، ئێستا ئەوانە لەوە حەپەساون کەسەرکردەیەکی بەتوانای (کورد) بەوەندە دانەمرکاوە کەئاوێتەی دروستکردنەوەی ئێراق بووە کە(کورد)ی تەفروتونا ئەکرد، بەڵکو سەرۆکایەتی ئەو ئێراقە. ئەوان لەوە حەپەساون کەلەگەڵ ئەوەی سەرکردەیەکی (کورد) سەرۆک کۆماری ئێراقە، بەڵام هەتا ئێستاش هەموو لایەنە ئێراقییەکان دژ بەسیستەمی فیدرالی وەستاون‌و ئەگەر لایەنێکیشیان دژی ئەوەستابێت ئەوە وەک تەکتیک‌و خۆ ئامادەکردنێت بۆ دامرکاندنی (کورد) هەروەک جاران‌و کاتی هێز پەیدا ئەکەن ئەوکاتە لەهەمووی پاشگەز ببنەوەو زیاتر بەرەنگارمان ببنەوەو سەر لەنوێ هەوڵی تەفروتونا کردنمان بدەن.

بەرەی رووناکی جیهان رەنگە هەتا ئێستا هەستیان بەوە نەکردبێت کەتێکەڵبونەوەمان لەگەڵ ئێراق بڕیاری جەماوەری کۆمەڵگای کوردەواری نییە، بەڵکو تەنها بڕیاری سەرکردایەتییەکەیەتی‌و لەوەش ئەگەیشتوون کەتاکی (کورد) لەروانگەی بڕوابوونی بەخۆیەوە، بڕوای تەواوی داوە بەسەرکردایەتییەکەی، بۆیە دڵنیام ئەگەر بەرەی رووناکی جیهان لەو راستییەی سەرەوە بگەن ئەوە حەپەساوییەکەیان چەند جار زیاتر ئەکات.

هیوادارم ئەو لێدوانەی سەرۆکی ئێراق تەنها لێدوانی سەرۆکێکی ئێراق بێت، نەک سەرکردەیەکی (کورد).

ئەری ئێوە کەیی و چۆن بیر دەکەنەوە؟!

لەزووەکەوە پەیوەندیمان لەگەڵ بەرددا هەیە (تەنیا هاوڕێی کوردەکان چیاکانە).

چیاش لەبەرد پێک هاتووەو بەردیش رەقەو تەقەو ئەو کاریگەرییەش حاشا هەڵنەگرە.

ئێستا زۆرێک لەگەلانی دنیا دەمانناسن، دۆستی زۆریشمان بۆ پەیدا بووە، سەر کۆماری ئێراق‌و زۆری دیکە لەپۆستە بەرزەکان کوردن، بەڵام کاریگەریمان لەئێراقی نوێدا لاوازو کاریگەریمان ئیو هێندەی چلکاو خۆرێکی بەردەرکی مەرجەعیەت نییە.

هێشتا ئەو پەتا کوشندەیەی شاخ بەرینەداوین کەدەڵێت (ئەگەر دۆست نەبیت دوژمنیت). ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە یان ئەم دوو حکومەتی ئێرەو ئەوێ بڕواو متمانەیان بەخۆیان یان بەخەڵکی پسپۆڕو خاوەن بڕوانامە نییە، دەبوایە پێشمەرگە دێرین‌و خاوەن خەباتەکان بەجۆری دیکە پاداشت بکرانایە نەک بەپۆست‌و پلەیەک کەئەبڕوانامەیانەو ئەپسپۆڕی.

سەرۆک کۆماری ئێراق کوردە، بەڵام جگە لە پاداشتکردنی بەعسی‌و عارەبە شۆڤێنییەکان دەستکەوتێکی بۆ بنەماڵەی شەهیدانی ئەنفال‌و کیمیاباران‌و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان‌و بنیادنانی ئایندەی کوردستان، جگە لەرازیبوون بەهەموو مەرجەکانی عارەبەکان لەهەر کوێیەکن شتێکی بۆ کوردستان ئەکردووە مایەی شانازی پێداگرتن بێت.

لەهەموو شتێکدا کورد پشتگوێخراوەو کەرکوک‌و ناوچەکانی دیکە لەسەرخۆ تەعریب کراو دەکرێتەوەو کوردو پۆستەکانی لەبەغداد پشتگوێ خراون لەلایەن حکومەتەکەی جەعفەرییەوەو سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێمیش لێی بێدەنگن، خەڵکی دەڵێن سەرەک کۆمار حکومەت‌و حیزبی بۆ زیاتر گەندەڵ بوون بەجێهێشتووەو هیچیشمان لەبەغداد ئەچنیوە، ئەمە یەکەم جار نییە کورد لەبەغداد دەسەڵات دروست دەکات‌و دواتر مایە بەتاڵ لەیارییەکە دەردەکرێت.

خەڵکی لێرەو لەوێ دەرژێنە سەر شەقامەکان کەچی حکومەت‌و حیزب‌و لەجیاتی چوونە ناو جەماوەرو گوێگرتنی‌و چارەسەری بێ ئاوی‌و بێ کارەبایی‌و بێداویستییەکانیان بەگێرە شێوێن‌و تێکدەر ناو زەدیان دەکەن.

بڵێ ئاوی کانزاییەکان دابنێن لەژوورە چرلچراکانتان وەرنە دەرەوە بزانن نرخی بازاڕ چۆنە، کارەباو ئاوی هاوڵاتیان بۆ نییە؟ هەر خانوو ڤێلاو سۆپەر مارکێت‌و مەزرەعەیە و وەکو قارچک هەڵدەتۆقێت هەژارو ئەدارانیش بەدەست بێ لانەو خانەییەوە دەناڵێنن، ئەو گوندانەی خانەخوێو چل شۆڕو خزمەتکارتان بوون ئێستا رێگەی ئۆتۆمبێلیان نییە، خوێندنگەو ئەخۆشخانەو مزگەوتیان نییە، کەچی ئێوەش کەگەندەڵی بەحیزب‌و حکومەتەوە داغانی کردوون لەسەردەمی ئازادیی‌و مافی مرۆڤ دیموکراتیدا وەزیرێک لەسەر دەنگ ئەدان لەسەر کار لادەبەن‌و ئەوەی دەنگ ئەدان بەخانینی لەقەڵەم دەدەن‌و لەخۆشتان ناپرسن خەڵک بۆچی ئاتانکەنە نوێنەرو دەنگتان پێنادات ئەری ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە؟! کەی بیردەکەنەوە؟! بۆ بیر ناکەنەوە؟!

محەمەد پاکژ

لە کەلارەوە بۆ ئاکری:

ئازادی دیل دەکرێ بەڵام نامرێ

سەلام محەمەد ئەحمەد
(هەولێر)

پاش بێدەنگییەکی زۆر لەئاست ئەو هەموو کەموکوری‌و کەم تەرخەمی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە رەهایانەی کەبە(قودرەتی قادر) پێیان دراوە بەرپرسان‌و کار بەدەستانی هەرێمە ئازادە چواردە ساڵییەکەی خۆمان خەریکە بۆ جاری یەکەم‌و دووەم لێرەو لەوێ رووبەرووی چەند دەنگێکی نارازی‌و ئازادیخواز هۆشیار بەمافەکانیان دەبنەوەو زەنگی هۆشیار بوونەوەی مەستی پووڵ‌و پایەیان بەر گوێ دەکەوێ، رەنگە ئەوان لەهەموو کەس باشتر ئەو میللەتە بناسن‌و بەئازایەتی جوامێریان ئاشنا بن چونکە دەزانن بەدرێژایی مێژووی داگیرکاری‌و زوڵم‌و ستەم ئەم گەلە لەلایەک باج‌و سەرانەی لێ سەنراوە لەلایەکی لانەو پێگەی پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی بووە، وەک زۆرێک لەلێپرسراوەکان خۆیان لەبۆنەکان دەیڵێنەوە جەماوەر بووە کەنەیهێشتووە شاخ بێ پێشمەرگەو پێشمەرگەش بێ کەس بێت.

بۆیە دەبێ ئەوە بەبیری خۆیان بهێننەوە کەخەبات‌و قوربانی دانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوە نەبووە چەند کەسێکی قسە خۆش‌و پوڵ‌و پایە نۆش ببن بەمیراتگری هەتا هەتایەی دەسەڵات‌و لەهەر پۆست کورسییەک بێزار بوون یەکێکی تر تاقی بکەنەوە..

دەبێ بەرپرسان ئەوەش بزانن کەدەمێک بوو بەهۆی لەبەرچاو گرتنی ئەو بارودۆخە ناسکەی کوردستان کەدەکرا دوژمنان بەئاسانی دەستی رەشی خۆیان لەو نیمچە ئازادییەی ساڵانی رابردوو بوەشێنن. خەڵکی لەهەندێ مافو ئازادییەکانی خۆیان بوربیوون، وبەهۆی ئاوەی شەڕی ئەگریسی ناوخۆش هەر دەنگێکی نەیار لێرەو لەوێ بەدەستی ئاژاوەگێڕو پلانی ناحەزانە لەقەڵەم دەدرا تەنانەت ئەگەر ئەم دەنگە لەدۆست‌و لایەنگرانی حیزبی دەسەڵاتیش بووایە، بەڵام ئێستا دوای هەموو گۆڕان‌و پێشکەوتنەکانی ئێراق‌و کوردستان ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەرپرسەکانمان کاسکێتە ژەنەراڵەکانیان لەسەر بکەنەوەو فەرمانە رەها سەربازییەکانیان لەبیرەوەرییە کەسییەکانیان بنوسنەوەو لەمەو دواش خانەکانی مێشکیان بۆ چەمکەکانی ئازادی‌و شارستانیەت‌و مافەکانی مرۆڤ‌و ئازادییە تاکە کەسییەکان‌و هاوڵاتیبوونی راستەقینە بکەنەوەو هەوڵی خۆ گونجاندن ئەو رەوش‌و باهۆزە دنیا گەرە بدەن.

ئیتر دەبێ ئەوە بزانن ئەوەی بەدەست هاتووە لەم وڵاتە هەر حەڵاڵی ئەوان نییە بەتەنیا تاکە تاکی ئەم وڵاتە لەئەرک‌و مافدا یەکسانە، ئەوەی جێگەی سەرنجە بەئاشکرا سەرکردە پلە یەکەکانی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە دان بەگەندەڵی ئیداری‌و دارایی لەناو دام‌و دەزگا حیزبی‌و حکومییەکانیان دەسێنن کەچی چەند بەرپرسێکی تر کەرەنگە لەسوودمەندەکان بن ئامادەن دانی پێ بنێن ئەقبوڵی دەنگی نارەزایشن، هەڵبەت ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ پاش تێنەگەیشتنی لەپرەنسیپەکانی ئازادی لەوانەش ئەم بەرێزانە والەئازادی گەیشتن کەدیکتاتۆر و قوتابیەکانی بەئارەزووی خۆیان بڕیار بدەن‌و بیادەی دەسەڵات بکەن‌و کەسیش پێیان ئەڵێ نا.

بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کەدیکتاتۆرەکان تەنها لەتاریکی‌و کوونی زوورەوە ئازان‌و بڕیار دەدەن ئەوەی لەتاریکی شەو پلان دەکێشی‌و بڕیار دەدات لەهەموو رووناک‌و لەخۆریش دەترسن ئەو فەرمانانەی لەژووری زوورەوە دەدرێن بەرۆژی رووناک‌و بەدەنگی ئازاد رەتدەکرێتەوە کەسیش ئەیتوانیوە ئاسەر بەر لەخۆکو ئازادی بگرێ ئەگەر خۆیشی لاڵ‌و کوێر بێت.

بەبیری ئەوانەش دێنمەوە کەدەیانەوێ داکۆکی لەماف‌و ئازادییە سروشتییەکانی هاونیشتمانیان بکەن دەبێ ئیتر هەر دەست بەکلاوەکانیان ئەگرن تا با ئەیهانباو بیریش لەوەنەکەنەوە کەئەندامیەتی حیزبێک بەجێ بهێڵن‌و ئینتیمای ئەوی تریان بکەن وەک تۆڵە سەندنەوە لەوەی یەکەم بەمەش جارێکی تر بازاڕی حزبایەتی گەرم دەکەنەوەو هەڵەش بەهەڵە راست نابێتەوە. سەنگەر چۆڵ کردن‌و چوونەوە ماڵیش چارەسەری گونجاوتین، ئەوەی خەڵکی وڵات رزگار دەکات لەو هەموو گەندەڵی‌و فەسادە ئیدارییە تەنها بەبزوتنەوەیەکی جەماوەری گەورەو سەرتاسەری دەبێت کەسەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان کارا بکەن‌و لەقاڵبی حزبایەتی خۆیان رزگار بکەن‌و بەراستی رێڕەوە چەوت و خوارەکانی حکومەتەکان راست بکەنەوە نەوەک بیان شکێنن.

هەموو لایەنێکیش لەچەمکی شارستانی بگاتو هەوڵی فەراهەمکردنی هەموو ئەو مافانە بێت کەمرۆڤ لەسروشتییەوە پێ بەخشراوە.

جا ئەگەر پێتان وایە خەڵکی لەپرۆژە تایبەتییەکان بێ ئاگان، ئەوە بەهەڵە چوون، ئیتر کەس نەماوە لەبەرخاتری خاتران بچێتە بەرەی کافران.

ئەوەش بزانن هەردوو جوگەکەی ئاکری‌و کەلار دەخرێنە یەک روبار